PASEWAN

ڕێکخراوی پاسەوان، بۆ توێژینەوەی سیاسەتە گشتییەکان

# بایەخ و گرفتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان



تەمموزی ٢٠٢٤

PASEWAN
ڕێکخراوی پاسەوان، بۆ توێژینەوەی سیاسەتە گشتییەکان

# بایەخ و گرفتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

د. هەرێم کەریم | دانا جەمیل
پێداچوونەوە: یاسین عومەر



## پووختەی جێبەجێکار

ئـەم ڕاپۆرتـە سـەرنجی ورد دەخاتـە سـەر شـیکاریی ژینگـەی سیاسیی و یاسایی و هەروەها ڕێکارەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانـی عێـراق و کاریگەرییـە نەرێنییەکانیـان لەسـەر پرۆسـەی هەڵبژاردن و زیادکردنـی ئاستی بێمتمانەیـی دەنگـدەر بـە هەڵبـژاردن و حکوومـەت و پارتـە سیاسییەکان؛ بـە جۆرێـک کـە پرسـیاری جددیـی لەسـەر ئاسـتی ڕەوایەتیـی پەرلەمـان و حکوومەتـی داهاتـووی هەرێمـی کوردستان درووسـت دەکات، بەتایبـەت ئەگـەر لـە هەڵبژاردنـی خولـی شەشـەمی پەرلەمانـی کوردسـتان تەنیا(٦٠٪)ـی دەنگـدەران بەشـداریی هەڵبـژاردن بکەن، ئەوا ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان تەنیا نوێنەرایەتی (٣٨.٩٪)ـی هاوڵاتییانـی هەرێـم دەکات، هەروەهـا بەپێـوەری زۆرینـەی (٥٠ +١) بـۆ پێکهێنانـی کابینـەی دەیەمـی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، ئـەو ڕێژەیـە زۆر کەمتـر دەبێتـەوە و دادەبەزێـت بۆ (١٤.٧٪)ـی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان، خـۆ ئەگـەر ڕێژەی بەشدارییکردن لـەوەش کەمتر بێـت، ئـەوا ئاستی ڕەوایەتیـی پەرلەمـان و حکوومـەت بـۆ نوێنەرایەتییکردنـی

هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لەو ڕێژەیەش کەمتر دەبێت. ئەمەیش بەلەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە بەپێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بۆ ساڵی 2023 بریتییە لە 6003554 شەش ملیۆن سێ هەزار و پێنجسەد و پەنجاو چوار کەس، بەم پێیەش هەر کورسییەکی پەرلەمان نوێنەرایەتی نزیکەی 60000 شەست هەزار هاوڵاتی هەرێمی کوردستان دەکات.

## دەروازەیەک

لەگەڵ ئەوەی چەند جارێک هەڵبژارنی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی شەشەم دواخرا و بەپێی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشایەوە، ئێستاکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بۆشایی یاساییدا کارەکانی ڕادەپەڕێنێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستان وەک پێویستییەکی ئێجگار گرنگ سەیر دەکرێت، بەڵام هێشتا گرفتی گەورە لە بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا هەن کە دەبنە بەربەستی گەورە لە بەردەم بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی بێخەوش و سەرکەوتوودا.

**”**

**بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بێخەوش و درووستیش؛ ڕێکەوتنێکی گشتگیر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان و وەلانانی ململانێ سیاسییەکان و چاوپێداخشاندنەوەی وردی ڕێکارەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ ڕاپەراندنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان زۆر بەهادارە.**

**“**

بە پشتبەستن بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پێویست بوو ساڵی ٢٠٢٢ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرایە، بەڵام بە هۆی چەندین گرفتی سیاسیی و یاسایی و تەکنیکییەوە؛ هێشتا ئاسۆی ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە ڕوون نییە، لەکاتێکدا تا ئێستا پێنج مەرسوومی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە دەرکراوە و بە گوێرەی کۆتا مەرسوومیش پێویستە لە (٢٠٢٤/١٠/٢٠) هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت.

لە ناوەڕۆک و دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا؛ بەوردیی ئامانجەکانی ڕاپۆرتەکە ڕوونکراونەتەوە. تێپەڕاندنی ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان و گەڕاندنەوەی شەرعیەتی یاسایی بۆ دامەزراوەکانی حکومڕانی؛ بێچەندوچوون پێویستی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بێخەوش و درووستیش؛ ڕێکەوتنێکی گشتگیر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان و وەلانانی ململانێ سیاسییەکان و چاوپێداخشاندنەوەی وردی ڕێکارەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ ڕاپەراندنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان زۆر بەهادارە، ئەمەش

لەپێنـاوی ئـەوەی ئاسـتی متمانـەی دەنگـدەر بـە هەڵبـژاردن و پرۆسـەی سیاسـیی و حکومڕانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان زیـاد ببێـت، ئەگـەر نـا پەرلەمـان و حکوومەتـی داهاتـوو لـە ڕووی شـەرعییەتی نوێنەرایەتییکردنی هاولاتییانی کوردستانەوە ئێجگار لاواز دەبێـت و ناتوانێـت نوێنەرایەتییەکـی ڕاسـتەقینە بـکات و وەڵامـدەرەوەی خواسـت و ویسـتەکانی هاوڵاتییـان نابێـت، داتاکانـی کۆمسـیۆنی هەڵبژاردنـی عێـراق ئـەم ڕاسـتییە زۆر بـە زەقی بەرجەستە دەکات.

لـەم ڕاپۆرتـەدا هـەوڵ دەدەیـن هەڵسـەنگاندن بـۆ ژینگـەی سیاسیی و یاسایی بکەیـن و لایەنـە تەکنیکییەکانـی هەڵبژاردن ڕوون بکەینـەوە، هەروەهـا ڕاسـپاردە و پێشـنیارەکان بـۆ چارەسەری گرفتەکانی بەردەم پرۆسەکە بخەینە ڕوو.

## ژینگەی سیاسیی هەڵبژاردن

هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق بـە دۆخێکـی ئاڵـۆزی سیاسـییدا تێدەپەڕێـت، لـە لایـەک ململانێـی پارتـە سیاسییەکان بـە تایبەت پارتـە حکومڕانـەکان گەیشـۆتە لووتکـە؛ لـە لایەکـی دیکـە بـە هـۆی دواکەوتنـی هەڵبژاردنـەوە دامەزراوەکانـی حکوومەتـی

هەرێمی كوردستان لە بۆشایی یاساییدان و وەک حكوومەتی كاربەڕێكەر ئەركەكانیان ڕادەپەڕێنن، تێپەڕاندنی ئەم دۆخە پێویستی بە ئیرادەیەكی بەهێزە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی شەففاف و بێخەوش:

## بۆشایی یاسایی

بە پشتبەستن بە یاسای هەڵبژاردن و نەریتی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان؛ پێویستە چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ئەنجام بدرێت، هەرچەندە ئەم نەریتە لە هیچكام لە خولەكانی پێشووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا كاری پێ نەكراوە و بەردەوام پرۆسەی هەڵبژاردن دوا كەوتووە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (**١٩٩١**)ـەوە كە دەكاتە (**٣٣**) ساڵ و بە هەژماركردنی یەكەم هەڵبژاردن لە ساڵی (**١٩٩٢**)، دەبوو تا هەنووكە هەشت خولی هەڵبژاردنی تەواو بەڕێوە بچووایە، بەڵام تەنها هەڵبژاردن بۆ پێنج خولی پەرلەمانی كوردستان كراوە و بەردەوام تەمەنی پەرلەمانی كوردستان درێژ كراوەتەوە، كۆتا جاریش ساڵی **٢٠٢٢** پەرلەمانی كوردستان بە بڕیارێک تەمەنی خۆی درێژ كردەوە، بەڵام بە هۆی چەند

سکاڵایەکەوە لە دژی درێژکردنەوەکە؛ دادگای فیدراڵیی عێراق، ئەو درێژکردنەوەیەی بە نایاسایی و نادەستوریی لەقەڵەم دا، بەم شێوەیەش پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشایەوە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کاربەڕێکەر کارکردنی خۆی درێژە پێ داوە.

## ململانێ سیاسییەکان

هەرچەندە ململانێیەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان تازە نیین، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیان پێ کردووە و دوای تێپەڕاندنی چەندین قۆناغی قورس و چەند گەڕێکی شەڕی ناوخۆ، هێشتا ئەو ململانێیانە بە فۆڕم و ئاستی جیاواز درێژەیان هەیە و تائێستاش ناتوانرێت دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک دۆخێکی سەقامگیر و جێگیر بناسێنرێت، بەڵکو زیاتر وەک ژینگەیەکی ناواخندار بە توندوتیژیی شاراوە (Invisible Violence) پێناسە دەکرێت، چونکە هەرکات دۆخی دانوستان و تەبایی گەیشتنە بنبەست؛ هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ، دووئیدارەیی، جیاکردنەوەی حکومڕانیی و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ساڵانی نەوەدەکان

شیمانەی هەرەبەهێزن، ئێستاشی لەگەڵ بێت؛ ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتیی دابەشبوونی بۆ زۆنی سەوز و زەرد پێوە دیارە، کە وەک دەرەنجامێکی شەڕی ناوخۆ بووەتە دیفاکتۆ.

هەنووکە ململانێی پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار -پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان- گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز لە گرژیی، کاریگەریی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان دانوستانی نێوان پارتە سیاسییەکانی گەیاندە ئاستێکی لاواز، ئەگەر پێشتر لە ڕێگەی ئەندامەکانیانەوە لە پەرلەمان بەریەککەوتن و یەکتربینینی بەردەوامیان هەبووبێت یان بەشێک لە قەیرانەکانیان لە چوارچێوەی دەرکردنی یاسا و کاری پەرلەمانییدا تێپەڕاندبێت، ئەوا ئێستا مەگەر دانوستاندن و کۆبوونەوەی نهێنیی دوور لە چاوی میدیا و خەڵک ئەنجام بدەن، ئەگەرنا لە واقیعدا هیچ هەوڵێکیان بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە لێ بەدی ناکرێت.

دابەشبوونی هەرێم بۆ زۆنی سەوز و زەرد؛ ئەو واقیعە دەسەلمێنێت کە ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی کەڵەکەبوونی سەرمایە و دەسەڵاتدایە، ململانێ سیاسییەکانی

**هەنووکە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، ئاستی بێمتمانەیی هاوڵاتییان بە پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکوومەت زیاتریش بووە.**

نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو بەردەوامیی و چەسپاندنی هەژموونی خۆیان بە جۆرێکە وەک دەوترێت "لە هەڵبژاردندا ئەگەر یەک کورسیی بێنن یان ١٠٠، هەمان پێگە و دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن".

زەمینەسازی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئاوادا؛ کارێکی ئاسان نییە و ناکرێت تەنها لایەنی تەکنیکیی و ئەنجامدانی پرۆسەکە لەبەرچاو بگیرێت، بەڵکو پێویستیی بە ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتنێکی گشتگیر لەپێناو تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و گەڕاندنەوەی متمانە بۆ دەنگدەران و هاوڵاتییان، ئەگەر نا لە قۆناغی دوای هەڵبژاردن بە تایبەت لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکوومەتدا سەرهەڵدانی ململانێ و تەنگژەی نوێ ئەگەرێکی بەهێز دەبێت.

## ئاستی متمانە و بەشداریی دەنگدەران


بەردەوامیی قەیرانەکان و جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن، هۆکارێکی سەرەکیین بۆ کەمیی متمانەی هاوڵاتییان بە حکوومەت و پارتە سیاسییەکان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا زیادبوونی ڕێژەی بێکاریی و نەدانی مووچەی فەرمانبەران و بایکۆتکردنی مامۆستایان و ڕاوەستانی کەرتی خوێندن و خۆپیشاندانی چین و توێژە جیاوازەکان؛ کاردانەوەی هاوڵاتییان بوون لە هەمبەر جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن. بەو هۆیەوە هەنووکە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، ئاستی بێمتمانەیی هاوڵاتییان بە پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکوومەت زیاتریش بووە، لەم دیدەوە ئەگەر ئاستی دەنگی سێ لایەنی پێکهێنەری حکوومەت (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان) بە نموونە وەربگرین، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان هەتا هەڵبژاردنی خولی پێنجەم لە ساڵی ٢٠١٨، هەروەها لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە خولی سێیەم ساڵی ٢٠١٤ و خولی پێنجەمی ساڵی ٢٠٢١؛ ئەوا بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئاستی جەماوەرییان بە

ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بەجۆرێک پارتی دیموکراتی کوردستان (١٦٦،٥٨٠) سەد و شەستوشەش هەزار و پێنجسەد و هەشتا دەنگ کەمی کردووە، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (٢٥٩،٠١٨) دووسەد و پەنجاونۆ هەزار و هەژدە دەنگ کەمی کردووە، بزووتنەوەی گۆڕانیش (٤٦٤،٤٣٢) چوارسەد و شەستوچوار هەزار و چوارسەد و سیی و دوو دەنگ کەمی کردووە؛ بەوجۆرەی لەو خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:


**خشتەی یەکەم:** ئاستی کەمبوونەوەی دەنگی پارتەکانی پێکهێنەری حکوومەت لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم (٢٠١٣) و خولی پێنجەم (٢٠١٨) پەرلەمانی کوردستان:

| پارتی سیاسی | دەنگی بەدەستهاتوو خولی چوارەم (٢٠١٣) | دەنگی بەدەستهاتوو خولی پێنجەم (٢٠١٨) | ئاستی کەمکردنی دەنگ |
|---|---|---|---|
| پ. د. ک | ٧٤٣٩٨٤ | ٦٨٨٠٧٠ | ٥٥٩١٤ |
| ی. ن. ک | ٣٥٠٥٠٠ | ٣١٩٩١٢ | ٣٠٥٨٨ |
| گۆڕان | ٤٧٦٧٣٦ | ١٨٦٩٠٣ | ٢٨٩٨٣٣ |

دەنگی بەدەستهاتووی پارتەکانی پێکهێنەری حکومەت لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣)





دەنگی بەدەستهاتووی پارتەکانی پێکهێنەری حکومەت لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)




**خشتەی دووەم:** ئاستی کەمبوونەوەی دەنگی پارتەکانی پێکهێنەری حکوومەت لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم (٢٠١٤) و خولی پێنجەم (٢٠٢١)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

| پارتی سیاسی | دەنگی بەدەستهاتوو خولی سێیەم (٢٠١٤) | دەنگی بەدەستهاتوو خولی پێنجەم (٢٠٢١) | ئاستی کەمکردنی دەنگ |
|---|---|---|---|
| پ. د. ک | ٧٤٤٥٣٢ | ٥٧٧٩٥٢ | ١٦٦٥٨٠ |
| ی. ن. ک | ٤٧٣٥٨٧ | ٢١٤٥٦٧ | ٢٥٩٠١٨ |
| گۆڕان | ٤٨٦٥١٤ | ٢٢٠٩١ | ٤٦٤٤٣٢ |

دەنگی بەدەستهاتووی پارتەکانی پێکهێنەری حکومەت لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٤)



دەنگی بەدەستهاتووی پارتەکانی پێکهێنەری حکومەت لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢١)




لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازیی هەڵبژاردنی (٢٠٢١)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێت، کە سیستمی هەڵبژاردن لە نوێنەرایەتیی ڕێژەییەوە گۆڕا بۆ سیستمی زۆرینەی یەک دەنگی نەگوێزراوە و لیستی کراوە کە کاندیدی تاکەکەسیی کێبڕکێی هەڵبژاردنیان دەکرد و سنووری هەرێمی کوردستان دابەش کرا بەسەر (١٢) بازنەی هەڵبژاردندا، سەرباری ئەوەش؛ کەمیی بەشداریی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکەدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە متمانەی هێزە سیاسییەکان و حکوومەت و

**تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و درووستکردنەوەی متمانە لای دەنگدەران پێویستیی بەوەیە لە ئاستی جیاوازدا کاری جددیی لەسەر بکرێت، لە لایەک هێزە سیاسییەکان ململانێیەکانیان لە ئاستی بەرژەوەندییخوازی حیزبییەوە بگوازنەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیی و لە لایەکی دیکەوە ئەرکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقە کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێکارەکاندا پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی شەففاف و بێخەوش بەڕێوە ببات.**

پەرلەمان لەلایەن هاوڵاتییانەوە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمی کردووە. ڕەنگە هۆکارێکی سەرەکی کەمبوونەوەی متمانەی دەنگدەران بە هێزە سیاسییەکان و هەڵبژاردن بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان دەنگدەران وەک هەستی بەرپرسیارێتیی و جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە، بەڵام دواتر کابینەکانی حکوومەت و پارتە سیاسییەکان وەڵامدەرەوەی خواستەکانی هاوڵاتییان نەبوون و بەڵێنەکانی هەڵبژاردنیان جێبەجێ نەکردووە، ئەمەش بێهیوایی و بێمتمانەیی لای دەنگدەران درووست کردووە، بۆنمونە ساڵی (١٩٩٢) لە

یەکەم خولی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ دوای ڕاپەرین و سەرەتای پێکهێنانی حکوومەتی کوردیی بوو، ڕێژەی (٨٧٪)ی دەنگدەران بەشدارییان کرد، لە خولی دووەمدا لە ساڵی (٢٠٠٥) و ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە قۆناغێکی نوێی سیاسیی بوو بۆ هەرێمی کوردستان، ڕێژەی (٧٥.٦٪)ی دەنگدەران بەشدارییان کرد، هەروەها لەسەرەتای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و بەرزکردنەوەی گوتاری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٠٩)؛ ڕێژەی (٧٤.٥٪)ی دەنگدەران بەشدارییان کرد، بەڵام ئەم ڕێژەیە ساڵی (٢٠١٨) و لە خولی پێنجەمدا دابەزی بۆ (٥٩.٨٪) و زۆری نەبرد و دوای کەمتر لە دوو ساڵ و لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە ساڵی (٢٠٢١) ئەنجام درا؛ ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران لە سنووری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد و دابەزی بۆ (٥٠.١٢٪).

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەیەک سەبارەت بە ڕەفتاری دەنگدەران؛ کە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا ناوەندی توێژینەوەی ڕووداو ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە ڕێژەی (٦٦.٣٪)ی ئەوانەی بەشداریی هەڵبژاردنەکان

ناکـەن، متمانەیـان بـە پرۆسـەی هەڵبـژاردن و پارتـە سیاسـییەکان نەمـاوە. تێپەڕاندنـی ئـەم دۆخـەو دروسـتکردنەوەی متمانـە لای دەنگـدەران پێویسـتیی بەوەیـە لـە ئاسـتی جیـاوازدا کاری جددیـی لەسـەر بکرێـت، لـە لایـەک هێـزە سیاسـییەکان ململانێیەکانیـان لەئاسـتی بەرژەوەندییخـوازی حیزبییـەوە بگوازنـەوە بـۆ خزمەتـی بەرژەوەندیـی گشـتییو لەلایەکـی دیکـەوە ئەرکـی کۆمسـیۆنی هەڵبژاردنەکانـی عێراقـە کـە لەچوارچێـوەی یاسـاو ڕێکارەکانـدا پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی شەففافـو بێخەوش بەڕێوە ببات.

## ژینگەی یاسایی هەڵبژاردن:

کـۆی پرۆسـەی هەڵبـژاردن بەسـەر چەنـد قۆناغێکـدا دابـەش دەبێـت و یەکەمیـن قۆناغـی پرۆسـەکەش بریتییـە لـە هەبوونـی چواچێوەیەکـی یاسـایی، پەیوەسـت بـە هەڵبژاردنەکانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە؛ ئـەم چوارچێـوە یاسـاییە بریتییـە لـە: یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)، هەروەها هەمواره جیاوازەکانی یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردستان و بڕیارەکانـی دادگای فیدراڵی. کە لە خوارەوە لەبارەی هەر یەکێکیانەوە ڕوونکردنەوە دەدەین.

**١. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:**

یاسای ژمارە (١)ـی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٤/٨) لە لایەن ئەنجوومەنی سیاسیی بەرەی کوردستانییەوە دەرکراوە؛ کۆی ماددەکانی یاساکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو بەشێکی زۆریان پەیوەستن بە چۆنێتی بەڕێوەچونی کارەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یاسایە تائێستا حەوت جار هەموار کراوەتەوە.

**٢. هەموارەکانی یاساکە:**

**١. هەمواری یەکەم:** بەپێی یاسای ژمارە (٤)ـی ساڵی (١٩٩٤)؛ یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**٢. هەمواری دووەم:** بەپێی یاسای ژماری (٥)ـی ساڵی (١٩٩٨)؛ یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**٣. هەمواری سێیەم:** بەپێی یاسای ژماری (٤٧)ـی ساڵی (٢٠٠٤)؛ یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**٤. هەمواری چوارەم:** بەپێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)؛ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**٥. هەمواری پێنجەم:** بەپێی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٩)؛ یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**٦. هەمواری شەشەم:** بەپێی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)؛ یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**٧. هەمواری حەوتەم:** بەپێی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٣)؛ یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

ململانێیەکانی نێوان لایەنە پێکهێنەرەکانی پەرلەمان -بەتایبەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان- لەسەر هەمواری هەشتەمی ئەم یاسایە، سەبارەت بە گۆڕینی بازنەکانی هەڵبژاردن لە یەک بازنەوە بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن و دابەشکردنی کورسی کۆتاکان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا؛ بووە هۆی ئەوەی چەند سکاڵایەک ئاراستەی

دادگای فیدراڵیی عێراق بکرێت و ئێستا بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی وەک چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کاری پێدەکرێت.

**٢. بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق:**


بە گوێرەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق بۆ چۆنێتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کورستانی لە (١١١)ـە کورسییەوە بۆ (١٠٠) کورسی کەم کردۆتەوە؛ کە (٩٥) یان کورسیی گشتیین و (٥) دانەشیان بۆ پێکهاتەی مەسیحیی و توورکمان تەرخان کراون، هەرێمی کوردستان بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا دابەش کراوە، کاندیدی تاکەکەسیی و قەوارەی سیاسییش دەتوانن بەشداریی بکەن بە مەرجێک هەر قەوارەیەکی سیاسیی لە سنووری ئەو بازنەیەی بەشداریی تێدا دەکات نابێت لە سێ کاندید کەمتری هەبێت بە ڕەچاوکردنی تەرخانکردنی کۆتای (٣٠٪) بۆ پاڵێوراوانی ژنان.

لەسەر بنەمای ئەم بڕیارانە؛ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق (١٠٠) کورسیی پەرلەمانی بەسەر هەر چوار بازنەکەدا

دابـەش کـردووە و کورسـیی کۆتاکانیـش بەسـەر بازنەکانـدا دابـەش کـراون: یـەک کورسیی کۆتـای مەسیحیی بـۆ دهـۆک، دوو کورسیی کۆتای توورکمان و مەسیحیی بۆ هەولێر، دوو کورسیی کۆتـای توورکمان و مەسیحییش بـۆ سلێمانی، وەک ئەوەی لە خشتەی خوارەوەشدا پیشان دراوە:

**خشـتەی سـێیەم:** دابەشـکردنی کورسـییەکانی پەرلەمانـی کوردستان بەسەر هەر چوار بازنەکەی هەڵبژاردندا:

| بازنەکانی هەڵبژاردن | کورسی گشتی | کورسی کۆتا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| بازنەی پ. هەولێر | ٣٢ | ٢ | ٣٤ |
| بازنەی پ. سلێمانی | ٣٦ | ٢ | ٣٨ |
| بازنەی پ. دهۆک | ٢٤ | ١ | ٢٥ |
| بازنەی پ. هەڵەبجە | ٣ | ٠ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٩٥ | ٥ | ١٠٠ |




## ڕێکارەکانی هەڵبژاردن

بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی کە وەک چوارچێوەی یاسایی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کاری پێدەکرێت، هەروەها مەرسوومی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ دیارییکردنی ڕۆژی دەنگدان، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەرکی داڕشتنی پەیڕەو و ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و ئامادەکارییەکان بۆ سەرپەرشتییکردن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی لەئەستۆیە، هەروەها بەپێی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی و یاسای هەڵبژاردن؛ پێویستە پرۆسەی دەنگدان

نهێنیی بێت و کۆی پرۆسەکە شەففاف و بێخەوش بێت، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی کارەکانی کۆمسیۆن و خوێندنەوەی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و ئامادەکارییە تەکنیکییەکان؛ گومانی جددیی بەدی دەکرێت لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بەشێوەیەکی نهێنیی و بێخەوش؛ بەرمەبنای ئەو بەڵگانەی خوارەوە:

## بنەمای نهێنیی لە پرۆسەی دەنگداندا

لە ماددەی پێنجەمی دەستووری عێراقدا هاتووە: "سەروەریی بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوایەتییە، کە بە هۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە لە ڕێی دامودەزگا دەستوورییەکانەوە ئەنجامی دەدات" هەروەها یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵییش جەختیان لە پرۆسەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنیی کردۆتەوە.

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش تەواو خۆی بە جێبەجێکردنی بڕگە دەستووریی و یاساییەکانەوە پابەند کردووە و ئاماژە دەدات بەوەی پرۆسەی دەنگدانەکە ڕاستەوخۆ و نهێنیی دەبێت، بە جۆرێک کە دەنگدەران

ڕاستەوخۆ بەشداریی دەنگدان دەکەن و لەکاتی دەنگدانیشدا کەس نازانێت دەنگیان بە کێ داوە، بەڵام بە وردبوونەوە لە ڕێکارەکانی دەنگدان و ژماردن و جیاکرنەوەی دەنگەکان گومانی جددیی لەسەر ئەم پرۆسەیە دروست دەبێت.

ئەوەی کۆمسیۆن ڕایگەیاندووە ئەوەیە کە پرۆسەی دەنگدان بە سیستمی (هایبرد) ئەنجام دەدرێت کە تێکەڵەیەکە لە سیستمی (مانوەڵ) و (ئەوتۆمەیتد)، گرفتەکە لە شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا نییە، بەڵکو ئەوەی گومان درووست دەکات ڕێکارەکانی کۆمسیۆنە بە جۆرێک کە دۆخی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئاستی ململانێ سیاسییەکانی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەمەش مەترسیی جددیی لەسەر نهێنیبوونی پرۆسەکە و ئاشکرانەبوونی دەنگی دەنگدەر درووست دەکات؛ بۆ نموونە:

یەکەم؛ لە چوارچێوەی پرۆسەی دەنگداندا بە پێی ڕێکاری کۆمسیۆن، کارمەندی بەخشەری پسووڵەی دەنگدان، پێش ئەوەی پسووڵەکە ڕادەستی دەنگدەر بکات، لە ڕێگەی بەرپرسی ناسینەوەوە (QR) کۆدی پسووڵەکە لە ئامێری ناسینەوەی دەنگدەر خەزن دەکات، بەم پێیەش دەزانرێت ئەم دەنگدەرە کام (QR) کۆدەی پسووڵەی دەنگدانی پێ دراوە، هەروەها دواتر

دەنگدەرەکە پسووڵەی دەنگدانەکە دەخاتە ناو ئامێری سکانەری دەنگەکان (PCOS) بەهەمان شێوە ئامێری سکانەرەکەش QR کۆدەکە سکان دەکاتەوە، ئەگەر بە هەر هۆکارێک ئەم داتایانە دزەیان پێ بکرێت؛ دوای هەڵبژاردن دەتوانرێت بزانرێت کێ دەنگی بە چ لایەنێکی سیاسیی و چ پاڵێوراوێک داوە.

دووەم: بەپێی یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە دەستەیەکی دادوەریی پێک دێت کە دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆن، بەڵام پێکهاتەی کۆمسیۆن لەئەرزی واقیعدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی عێراقە، بە جۆرێک ئەم مۆدێلەی کۆمسیۆن دەچێتە چوارچێوەی تەرزی(مەڵتی پارتیی و مەڵتی ئێتنییەوە)؛ واتە ئاوێتەیەکە لە نوێنەرایەتیی حیزبیی و پێکهاتەیی، چونکە ئەندامەکان دابەشبوون بەسەر پێکهاتەکانی عێراقدا و لەناو پێکهاتەکانیشدا بە پاڵپشتی پارتە سیاسییەکان دانراون. ئەمەش لە لایەکی دیکەوە مەترسیی لەسەر نهێنیی دەنگدان درووست دەکات، لە ئەگەری درووستکردنی فشار لەسەریان لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە، ئەگەری ئەوە لەئارادایە بەئاسانی زانیارییەکان ڕادەستی پارتە سیاسییەکان بکرێت.

**بەشێکی گرنگی پرۆسەی دەنگدان، ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلکترۆنیی دەنگەکانە، ناکرێت دەنگدەر و قەوارەی سیاسیی و هاوپەیمانیی و بریکارەکانیان مافی تۆمارکردنی سکاڵایان لەسەر پرۆسەی جیاکردنەوەی ئەلکترۆنیی دەنگەکان نەبێت.**

## پرۆسەی سکاڵا و تانەدان لە هەڵبژاردن

یەکێکی تر لە گرفتی ڕێکارەکانی کۆمسیۆن تایبەت بە سکاڵا و تانەدان لە پرۆسەی هەڵبژاردن، بە تایبەت لە قۆناغی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا؛ ئاماژە بە مافی سکاڵا تۆمارکردن دراوە لە پرۆسەی جیاکردنەوەی دەستیی دەنگەکاندا، لەکاتێکدا بەشێکی گرنگی پرۆسەکە هەژماری ئەلکترۆنیی دەنگەکانە کە بە ئامێری سکانەری زیرەک (PCOS) ئەنجام دەدرێت. بێبەشکردنی لایەنە سیاسییەکان و کاندید و دەنگدەران لە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ژماردنی ئەلکترۆنیی دەنگەکان؛ جۆرێک ناڕوونیی و ناشەففافییەت لە کارەکانی کۆمسیۆندا پیشان دەدات، چونکە ئەگەری دزەکردنە ناو

زانیارییـەکان یـان لەکارکەوتـن و درەنـگ گەیاندنـی داتـاکان بـە نووسـینگەی نیشـتیمانیی کۆمسـیۆن یەکێکـە لـە ئەگـەرە بەهێزەکان.


## تۆماری دەنگدەران

پاڵپشـت بـە بڕیارەکانـی دادگای فیدراڵیـی عێـراق؛ کارتـی بایۆمەتریـی دەنگـدەر مەرجـی سـەرەکییە بـۆ بەشـداریی هاوڵاتییـان لـە پرۆسـەی دەنگدانـدا، هەروەهـا بەگوێـرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ژمارەی دەنگدەران لەهەرێمی کوردستان (٣،٧٨٩،٣٩٠) سێ ملیۆن و حەوتسـەد و هەشتاونۆ هـەزار و سێسـەد و نـەوەد کەسـە، لـەو ژمارەیـەش تەنیـا (٢،٩٠١،٠٨٠) دووملیـۆن و نۆسـەد و یـەک هـەزار و هەشـتا کـەس کارتـی بایۆمەترییـان بـۆ کـراوە، ئـەوەش واتـای ئـەوەی ڕێژەی (٧٦.٥٪)ـی کۆی گشتیی دەنگدەران دەتوانن بەشداریی لـە پرۆسـەی دەنگدانـدا بکـەن، هەروەها ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەو ڕێژەیـەش کـەم بـکات، لەبەرئـەوەی هێشـتا ژمارەیەکـی بەرچـاوی دەنگـدەران کارتـی بایۆمەتریـی دەنگدانیـان وەرنەگرتۆتەوە.

تێبینییەکی دیکەی جددیی کە لەسەر تۆماری دەنگدەران هەیە؛ بریتییە لەوەی بەپێی داتاکانی کۆمسیۆن و بەراورد بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارەی دەنگدەران لە ماوەی سێ ساڵدا لە پارێزگای دهۆک (١٥٦٨٤٢)؛ سەدوپەنجاوشەش هەزار و هەشتسەدو چلودوو دەنگ زیادی کردووە، لە پارێزگای هەولێر (١٥٦٠٤٤) سەدوپەنجاوشەش هەزار چلوچوار دەنگ زیادی کردووە، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کە ڕێژەی دانیشتوانی لە هەولێر یان دهۆک زیاترە تەنیا (١٠٧،٢٣٩) سەد و حەوت هەزار و دووسەد و سیی و نۆ دەنگ زیادی کردووە، هێشتا دیار نییە ئەم ڕێژە زیادەی دەنگدەران کاریگەریی لە تۆماری بایۆمەتریی کردووە یان نا، تائێستا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەو بارەیەوە بڵاو نەکردۆتەوە.

**خشتەی چوارەم:** ڕوونکردنەوەی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان لەنێوان هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) و ژمارەی گشتیی دەنگدەران بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان:

| پارێزگا/ بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی دەنگدەر لە ٢٠٢١ | ژمارەی دەنگدەر لە ٢٠٢٤ | جیاوازی زیادکردنی دەنگدەر |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٢١٠٤١٨ | ١٣٦٦٤٦٢ | ١٥٦٠٤٤ |
| سلێمانی + هەڵەبجە | ١٣٨٨٩٤٣ | ١٤٩٦١٨٢ | ١٠٧٢٣٩ |
| دهۆک | ٧٦٩٩٠٤ | ٩٢٦٧٤٦ | ١٥٦٨٤٢ |



بە سەرنجدان لەم ژمارانە و ئەوانەی پێشتریش، دەردەکەوێت ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە و کارتی بایۆمەترییان دەرکردووە؛ دەکاتە (٢،٩٠١،٠٨٠) دووملیۆن و نۆسەد و یەک هەزار و هەشتا کەس، ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین (٦٠٪)ـی ئەوانە بەشداریی دەنگدان دەکەن واتا (١،٧٤٠،٦٤٨) یەک ملیۆن و حەوتسەد و چل هەزار و شەشسەد و چلوهەشت کەس، ئەمەش بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٣)ـدا کە بەپێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق (٦،٠٠٣،٥٥٤) شەش ملیۆن و سێ هەزار و پێنجسەد و پەنجاوچوار کەسە، بەم پێیە و بە هەژمارکردنی (٦٠٪)ـی ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان درووست کردووە و گریمانە کراوە کە دەنگ بدەن؛ ئەوا خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان تەنیا نوێنەرایەتیی (٢٨.٩٪)ـی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها بە پێوەری زۆرینەی (٥٠ +١) بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان؛ کە دەکاتە دەنگی (٨٨٧،٧٣٠) هەشتسەد و حەفتاوهەشت هەزار و حەوتسەد و سیی کەس، ئەوا حکوومەتی ئایندەش تەنیا نوێنەرایەتیی (١٤،٧٪)

ـی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەکات، خۆ ئەگەر ڕێژەی بەشدارییکردن لەوەی گریمانەمان کردووە کەمتر بێت؛ ئەوا ئاستی ڕەوایەتی پەرلەمان و حکوومەت لە نوێنەرایەتییکردنی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستاندا لەو ڕێژەیەش کەمتر دەبێت.

## دەرئەنجام و ڕاسپاردە:

- دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بە هۆی دواکەوتنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروستبوونی بۆشایی یاساییەوە دەخوازێت سەرجەم لایەنە سیاسییەکان تەواو هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ ئەنجامدانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و ڕێگە نەدەن جارێکی دی ئەم پرۆسەیە دوابخرێت.

- هەنووکە نەک تەنها دامەزراوەکانی حکوومەت لە بۆشایی یاساییدا کار دەکەن، بەڵکو حیزب و حکوومەت بە تایبەتیی پارتە دەسەڵاتدارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی جەماوەرییان کەمی کردووە، ڕێژەیەکی زۆری دەنگدەران متمانەیان بە حکوومەت و پەرلەمان و پارتە سیاسییەکان نەماوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە؛ پێویستە پارتە سیاسییەکان ڕێکەوتنێکی گشتگیر بکەن بۆ بەسەنتەرکردنی بەرژەوەندییەکانی دەنگدەران و هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان؛ بە تایبەت پارتە دەسەڵاتدارەکان قۆناغی کەڵەکەبوونی سەرمایە و دەسەڵات و سەپاندنی هەژموونی خۆیان تێپەڕێنن و بنەماکانی دیموکراسیی بکەن بە ئەولەویەتی کارەکانیان لە پرۆسەی حوکمڕانییدا.

- ئەرکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقە ڕێکاریی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی شەفاف و بێگەرد و چاو بخشێنێتەوە بەو پەیڕەو و ڕێکارانەی تائێستا دەریکردون و هەمواریان بکاتەوە و تەقەللا بدات بۆ هۆشیارکردنەوە و گەڕاندنەوەی متمانە بۆ دەنگدەران.

- بەشێکی گرنگی پرۆسەی دەنگدان، ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلکترۆنیی دەنگەکانە، ناکرێت دەنگدەر و قەوارەی سیاسیی و هاوپەیمانیی و بریکارەکانیان مافی تۆمارکردنی سکاڵایان لەسەر پرۆسەی جیاکردنەوەی ئەلکترۆنیی دەنگەکان نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق برگەی یەکەمی ڕێکاری سکاڵا و تانەلێدان هەموار بکاتەوە و مافی تۆمارکردنی سکاڵا دەستەبەر بکات.

- ڕاپەراندنی پرۆسەی دەنگدان بەپێی یاسا و بنەما دەستورییەکان دەبێت ڕاستەوخۆ و نهێنیی بێت، ناکرێت کۆمسیۆنی هەڵبژاردن تەنها ڕووکەشانە پابەند بێت پێیەوە، بەڵکو دەبێت لە ناوەڕۆکیشدا هەموو ئەو کەلێنانە بگرێت کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبنە مەترسیی لەسەر بنەمای نهێنیی دەنگدان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کۆمسیۆنی

هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕێکاری دەنگدان و جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان هەموار بکاتەوە، بەتایبەت بڕگەی خەزنکردنی (QR) کۆدی پسووڵەی دەنگدان لە ئامێری ناسینەوەی دەنگدەردا لاببات، بۆ ئەوەی لە ئەگەری دزەپێکردنی داتاکاندا لە داهاتوودا مەترسیی لەسەر دەنگدەران دروست نەبێت، ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە و پێویستە کۆمسیۆن لەئەستۆی بگرێت.

# بایەخ و گرفتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان




ڕێکخراوی پاسەوان

No 5, Alley 65, 101 Shoresh District

Sulaymaniyah, Kurdistan Region of Iraq

www.pasewan.com

contact@pasewan.com

+964 772 527 6043


PASEWAN

ڕێکخراوی پاسەوان، بۆ توێژینەوەی سیاسەتە گشتییەکان